**ئاسۆ بیارەیی**
**2005-4-14 سوێد**

# پاقلاوا ووشەی ستایش

نیلسۆن ماندیلا، ساڵانێکی دوور و درێژ، بە بڕوابوونی بە مافی یەکسانی گەلەکەی، توانی تاریکستانی زیندانەکانی ئاپارتایت بپسێنێت و ببێتە سەرۆک کۆماری باشووری ئەفریقیا، خۆی بکات بە پردێکی برایەتی و یەکسانی نێوان گەلان، کە بوو بە سەرۆکیش، ڕۆژێک لە ڕۆژان مەینەتی گەلەکەی لە بیرنەکرد. ئەگەر ئەپارتایتێکی تریش چرۆ بکاتەوە، تەنها ماندیلا دەتوانێت زریانێکی بەرهەڵستی بۆ هەڵبکات.

کە باسی ژیان و خەباتی نیلسۆن ماندیلا دەنوسرێتەوە، هیچی لێ قەت ناکرێ، چونکە سەرتاپای ژیانی ئەو مرۆڤە دلسۆزی بووە بۆ نیشتمانەکەی. ئێمەی ڕۆژهەڵاتی، لە بەر ئەوەی لە هەڵەی خۆمان دەسڵەمینەو، پشت کردن لە میللەت بە خەبات دەزانین*، بێجگە ستایش، خانەکانی مێشکمان دەرگای مێژوویان لێ دادەخرێت*، ئێ خۆ ئەو جۆرە کەسانەش کە خەریکی ستایش و هەڵبەزینەوەن، کە پاقلاوی سەرکەوتن دەبەخشنەوە، هەندێکیان کەڵە شاعیر و نووسەرگەلێکن، کە چەندەها ساڵە جڵەوی قەڵەمی زمانی کوردییان بەرنەداوە، ئاخۆ گەردەلولی قەڵەمەکەیان بۆ کەی هەڵگرتبێت؟ تۆ بڵێی حکومەتی هەریمی کوردستان، لەم ڕۆژانەی داهاتودا، هەراجی پۆستی وەزیری بکات و جەماوەر لە گوێی گامێشدا خەوتبێت.

زیرەکی و کەماڵی* بینینی دواڕۆژ، لای سەرکردەی چینی کرێکاران ئەوەیە، کە زرنگانە داخوازیەکانی کرێکاران بخاتە بەردەم سەرمایەداران و بەکردوە بیسەلمێنیت، کە پارتییەکەی تاقە نوێنەری ئەوانە، نەک وابەستەی بڕیارەکانی بۆرژوابێت و هەلپەرستانە، تەماشای ڕووداوەکان، لە گۆڕپانی خەباتدا بکات.

پارتییەک کە لە داری سێدارەکان بەرزترە و لە مردن بەهێزترە، کە ناوی حزبی شەهیدانە، دەبوو ڕاستییەکان بخاتە بەردەم جەماوەر، نەک لە سلێمانی ڕەنگی سەوزی پێ جوانبێت و لە هەولێریش زەرد!

---

*سەرۆک کۆماری ئازادی-ڕەفیق سابیر، کوردستانی نوێ.لاپەرە8 ڕۆژی 10-4-2005

*هاوڕێ باخەوان-جەلال تاڵەبانی لە هاوڕێ نامەدا، کوردستاننێت، 14-4-2005

*زیرەک کەمال-ئێمە و گریان و پێکەنین، ڕیگای کوردستان ژمارە 637 لاپەرە 3